# کڵپەی ئاگری نەورۆز لە فنلەند

ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی/فنلەند
nauand@hotmail.com

لە کاتژمێر حەوتی ئێوارەی نەورۆزدا، واتە 20.3.2002 ، لەسەر بانگهێشتی کۆمەڵەی کوردی فنلەند، ئاگری نەورۆز کرایەوە.

ئاگرەکە لە گۆڕەپانی (هاکەنییێمی) کە دەکەوێتە ناوەندی شاری (هێلسینکی)یەوە، بەئامادەبوونی پتر لە 90 کەس، لەگەڵ سەدای سروودی (ئەی ڕەقیب) کرایەوە و جەستە و دڵی ئامادەبووانی گەرم کردەوە.

دوواتر لەگەڵ کۆمەڵێ گۆرانی بەسۆز، شایی و هەڵپەڕکێی هەمەجۆری کوردی دەستی پێکرد و هەمووانی خستە جۆش و خرۆشەوە.

شایانی باسە زۆربەی ئامادەبووان خەڵکی باکووری کوردستان بوون، کە بەشێکیان وێنەی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان و ئارمی پارتەکەیان بەرز کردبووەوە. هەر لە نێو جەماوەرەکەدا جگە لە کۆمەڵێك کوردی پارچەکانی تری کوردستان، چەند کەس لە خەڵکی فنلەندی، کە لە دڵسۆزانی گەلی کورد بوون دەبینران. بەشێك لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیش لە بۆنەکەدا ئامادەبوون.

بەزمی گۆرانی و هەڵپەڕکێ تا درەنگانێك بەردەوام بوو.